حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

ژمارە : ٢٥٣
ڕێکەوت: ١٩/ جۆزەردان/ ٢٧٢٢ کوردی

العدد: ٢٥٣
التأريخ: ٢٠٢٢/٦/٩

# فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە کۆبوونەوەی فراوانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٣٠ ی ٥ ی ٢٠٢٢، سەبارەت بە پەسەندکردنی پلانی کاری وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣، پاش فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٢٣٤) لە ڕێکەوتی (٥ ی ٦ ی ٢٠٢٢)، **بڕیارماندا بە:**

ئەرکی سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگری ناوەندەکانی خوێندن لەپاش دەرچوونی فەرمانی کارگێڕییان کە دوا وادەی (**٣١ ی ٧ ی ٢٠٢٢**) دەبێت، بریتییە لە:

**١-** بەدواداچوون دەکات لەسەر ئەنجامدانی جیاکردنەوەی هۆبەکان لە ناوەندەکانی خوێندن کە دەبێت لە ڕێکەوتی ٢ ی ٨ ی ٢٠٢٢ تا ٦ ی ٨ ی ٢٠٢٢، ناوەندەکانی خوێندن هۆبەی قوتابیان و خوێندکارانیان جیاکردبێتەوە و لە سستمی (**E- parwarda**) جێگیرکرابن.

**٢-** سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر بەدواداچوون دەکات بۆ ئەنجامدانی دانانی خشتەی بەشەوانە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ (خشتەی هەفتانەی ناوەندەکانی خوێندن)، دەبێت دڵنیابێتەوە لەوەی کە کارگێڕی قوتابخانە خشتەی جێگیری داناوە و بەشێوازێکی دادپەروەرانەیە و لەهەمان کاتدا بەگوێرەی سستمی خوێندنی قوتابخانە بنەڕەتی و خوێندنگە ئامادەییەکانی ساڵی (٢٠٠٩) بێت، خشتەکە لە سستمی (**E- parwarda**) جێگیرکرابێت.

**٣-** ئەرکی سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگرە کە بەدواداچوون بکات و هاوکاری بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن بێت لەسەر میلاکی پێویست یان زیادە کە کارگێڕی ناوەندی خوێندن پێشتر نووسراوی پێکردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا، وەک لە فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٣٤) لە ڕێکەوتی (**٥ ی ٦ ی ٢٠٢٢**) دا هاتووە، کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا لەماوەی (١٠) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی (**١٤ ی ٨ ی ٢٠٢٢**) تا (**٢٤ ی ٨ ی ٢٠٢٢**) فەرمانی کارگێڕی بە زیادە میلاک یان دانانی مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو یان ناردنی مامۆستای میلاک بۆ ئەو ناوەندانەی خوێندن دەرچووان دبێت، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا لەماوەی دیاریکراودا کە **(١٠) ڕۆژە،** کارەکەی ئەنجام نەدابوو سەبارەت بەپڕکردنەوەی بۆ شایی میلاک، بەگوێرەی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) - (سێیەم/ ٥)، وەزیری پەروەردە دەسەڵات دەداتە سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگری ئەو ناوەندەی خوێندن کە مامۆستای وانەبێژی دانەمەزراو دابنێت لەو ناوەندەی خوێندن لە لیستی ئەو ناوانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا هەیە و دەبێت بەگوێرەی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٢١) بێت،

Ministry of Education, Kurdistan Street, Erbil, Iraq
Phone:+964(066) 2230250-2232745
info@moe.gov.krd
www.gov.krd
هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کوردستان - وەزارەتی پەروەردە
تەلەفون: ٢٢٣٢٧٤٥-٢٢٣٠٢٥٠ (٠٦٦) ٩٦٤+

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا پاش دڵنیابوونەوەی کە بەگوێرەی ڕێنمایی ئاماژەپێکراوە پێویستە فەرمانی کارگێڕی پێ دەرچووێنێت.

٤- ئەرکی سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگری ناوەندەکانی خوێندنە کە دڵنیابێتەوە ئەو ناوەندانەی خوێندن کە بۆی دیاریکراوە لە ڕێکەوتی (٢١ ی ٨ ی ٢٠٢٢) تا (٢٨ ی ٨ ی ٢٠٢٢)، کتێب گەیشتبێتە ناوەندەکانی خوێندن و بەگوێرەی ئاماری سستمی (**E- parwarda**) بێت.

٥- لەکاتی بوونی هەر گرفتێک لە جێبەجێکردنی ئەو پلانە، سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر ئاگاداری سەرپەرشتیاری یەکەم دەکاتەوە بە ڕاپۆرتێک و لە ڕێگەی بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ ئاراستەی (**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی وەزارەت**) دەکرێت، بۆ ئەوەی کاری پێویست ئەنجام بدرێت، بەپێچەوانەوە ئاگادار نەکردنەوەی وەزارەت لە بوونی هەر کەموکوریەک لەو خاڵانە دەیخاتە بەردەم لێپسراوێتی کارگێڕی.

ئالان حمەسعید صالح
وەزیری پەروەردە
٢٠٢٢/٦/٩

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

وێنەیەك بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەربە دیوانی وەزارەت/ بەگوێرەی پەیوەنداری بۆ کاری پێویست.
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، ب.پ.کەرکوک/ب.خوێندنی کوردی)/ بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ بەدواداچوون.
- خولاو.